## دەسەڵاتی كوردی وترس لەئیستیقالە. . . . ئامانج عەبدوڵا سوور

كە جەماڵ عەبدولناسر شەری ئیسرائیلی دۆراند زۆر مەردانە رووبەرووی ئەم شكستە بووەوە ئۆباڵی ئەم شەرەی لەئەستۆی سوپاكەی نەنا. . . راستەوخۆ ئیستیقالەی كرد بگرە داوای هاوكاری لەجەماوەری ووڵاتەكەی كرد كە بگەرێتەوە ناوریزەكانیان كاروباری ئاسایی بگرێتەوە ئەستۆی هەرچەند بۆ سەركردەیەك ئەمە كارەساتە ورەنگبی نیگەرانی جەماوەری بەدوای خۆی دا كێش بكات وباری سایكۆلۆژیان داتەپێنی، رەنگبی بۆ كورد ئەمە دەستی نەدابی چونكە ئێمە نەتەوەیەكی سیاچارەوبەشكراوین بۆیە دەبوایە لەشكستدا خۆراگربین و ورەمان نەروخی ئاخر شۆرش ئاوا بەردەوام ئەبی. . .
لی كەدەسەڵاتمان كەوتە دەست قەت رەوانیە وەزیر وبەرێوەبەرە گشتیەكان وناوەندەكانی دەسەڵات بەهەمان هەناسەوپۆزشەوە بێ، حاكممان بن، ئەكری دەسەلاتدارانی ئێمەش گەر بەخۆیاندا هاتونەتەوە كەنایەن بیر لە ئیستیقالەیەكی شەریفانە بكەنەوە بروابكەن ئەمە سەركەوتنە ولانیكەم شكستیان ئەشارێتەوە، پار ساڵ بوو لەچینی میلی نەخۆشی سارس بڵاو بووەوە كە وەزیری تەندروستی ئەو ووڵاتە نەیتوانی زاڵ بێ بەسەر ئەم نەخۆشیەدا وبەری پی بگرێت خێرا ئیستیقالەی كرد، لەهەموو دنیادا باوە گەر هەر چین وتوێژێك بۆ ماوەی زیاتر لەسی رۆژمانیان گرت وكێشەكەیان وەك پێویست چارسەر نەكرا خێرا وەزیریَ: قەرەبووی ئەكاتەوە بەئیستیقالە، لی لەكنە خۆمان ئەمە شەرمە لەوە ئەچی زۆر ێك لەدەسەڵاتدارانی خۆمان بەلگاو پۆستیان بردبێەوە بۆیە ئەستمە بەئاسانی دەستی لی بەردەن ئاخر ئەوەی دەستكەوتێكیانە ورێگایەكە بۆ دەوڵەمەند كردنیان. . .
ئەوەتا لەسلێمانی ئەنفلۆنزای باڵندە بڵاوبۆتەوە لەبری ئەوەی ووشیاریمان بدەنی بەلای خواردنی پەلەوەردا نەچین كەچی جەنابی وەزیر خۆی رێكلامی خواردنی مریشی بازیان ئەكات، لەبری ئەوەی ئیستیقالە بكات چونكە فەشەلی هێنا لەسەر تقی بەشانازیەوە قسان!! دەكات. . .
دوێنی لایەك لەهەولێری پایتەخت ئاوبردی تازە حكومەتەكە بیر ئەكاتەوە مەنهۆڵێ بۆدروستكات و وەزیری شارەوانیشیان لەقاقای پێكەنین ناكەوی پێی بلێی بۆ ئیستیقالەناكەیت لە مەحەتە توندت ئەكات!!
لەسلێمانی ئەوشارەی لێوان لێوە لەهونەر هۆڵێكی وا شك نابەیت نمایشی تیابكریلا یان كۆرێكی تیا بگریت كەچی تاقە پەرلەمانتارێك كورە بەرێوەبەرێكی گشتی بابە وەزیرێك فزەی ئیستیقالە لەدەمیەوە نایەت!!
لە لای خەستەخانەكەی ئینعاشەوە لەسلێمانی قیرتاوكرایەوە دوای هەفتەیەك نەك وەك هەرخۆی لێهاتەوە بگرە داماڵرا و تا نەخۆشە داماوەكە ئەگاتە ئینعاش 40جەلتە لێی ئەدا كەچی وەزیری شارەوانی دان بەئیستقالەدا نانی حەرامە حەرام؟!!!
كۆنفرانسی بازرگانی لە ئەوروپا سازئەدری بەرێوەبەری گشتی بازرگانی لەهەولێر دەعوەت ناكری كەچی هەڵوێستی نیە ئیستیقالە بكات. .
مەلا سەلاحەدین ی ئەمینداری یەكگرتووی هاوپەیمانی فەلوجە بەر لەوادەی راگەیندنی ئەنجامەكانی هەڵبژاردن لە حزووری سەرۆكی حكومەتی كوردستان بریاری دا بچنەوە پاڵ لیستی هاوپەیمانی 730كەچی نەك هەر نەهاتە پاڵی بگرە بۆنی دەمیان نزیكە لە

سونەكانەوە چۆنمان ووت وابوو زۆر برادەریش گرەوەكەیان دۆراند وزمانیشیان هەردرێژە ومەلا سەلاحەدینیش ئیستقالەی نەكرد شەری كورسی وەزارەت ئەكات. .
حكومەت وەك ماڵی هەتیوو بەش كرا جەماوەریش نەهاتنە سەرجادە داوابكەن پەرلەمانتارەكان واز لەدەست هەڵبرین وباوەێشكدان بێنن وئیستیقالە بكەن!!!!پێم ناڵێن كەی ئەم برادەرانە بیر لەئیستیقالە ئەكەنەوە یان دەسەڵات بوەتە ئامانج نەك دەستاوێژ، هیوایەكە بۆ دروست كردن وبەختیاری. . . . . . . !!!!!!

2006/2/4